

# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛نها.

**ژمارە ٢١ـ ١١ی جۆزەردان ٢٧١٨**

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

موحسین سوبحانی
خەدیجە جاوید
ڕەحمان جەنگ
بیژەن ڕەحمانی
ڕەسووڵ ئاغاپوور (شاباڵ)
ناسر فەتحی
شەرمین ساڵحی
دابان عەتار

**بەتامی چیرۆک:**

لاپەڕە ٢٥...

**وێنەی ڕووبەرگ:**

Hans Georg Staudt

**ئامادەکاران:**

ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی

RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.**

- چیرۆکی کارگەیی
- بەتامی چیرۆک


- ئامادەکاران:

ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی



١١ی جۆزەردان ٢٧١٨

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

## «بەستێن»

هەندێ هاوڕێ ئاکاریان وەک بەستێنی دەریا وایە. ڕێک لەو جێگەی کەسێک دەیەوێ بچێتە هاوڕێیەتییەوە لە تەکیان ئەوان وەک پێل دەدەن لە بەستێن و دوا سنووریان بۆت دەستنیشان دەکەن.

یەکەمجار کە دەنکەدەنکە وێنەی سەر پرۆفایلەکەتم هەڵدایەوە و ئەو ژێستانەتم بینی هەستمکرد لەم دنیای مەجازییەدا بە کەسێک ئاشنا بووم پڕ پڕە لە غروور. هەر زوو زانیم دەستەکانت وەک دەستی من بە پاچ و بێڵ ئاشنا نین و ئامبازی قەڵەمن. هەرچی لە من بوو ئەم هەستە و تێفکرینە مەودای نێوانمانی زێدە دەکرد. وامئەزانی لێرە کوڕێک ئەناسم کە هەموو بەیانییەک قژێکی فەشێنی بۆ دائەهێنێ و ڕیشێکی بۆ ئانکارد ئەکا و تایەکانی سەمەندە سپییەکەی بۆ ڕەش ئەکا و دەنگی زەبتەکە تاو ئەدا و بە تەیکافەوە و لەبەرچاوی کوڕ و کەنیشکان خۆی ئەکا بە زانکۆدا. لەمسەریشەوە چیرۆکەکانت یەک لە دوای یەک حیکایەتیان لە قەڵەمێکی ئاکادمیک دەکرد، هەم بە فۆرم و هەم بە فیز. لە لێکدانەوە و ڕەخنەکانت لەسەر کار و بەرهەمی هەواڵانی کارگە ئێجگاری دڵنیا بووم کە قەڵەمێکی کارامەم ناسیوە و دەتوانم شتی لێ فێر بم. بەڵام هەستم دەکرد مەودای فیکریمان زۆرە بۆ ئەوەی بتوانین دوو هاوڕێی نزیک بین. تا ئەو ڕۆژەی لە "پی وی" پێکەوە قسەمان کرد و زیاتر بۆم ڕوون بوویتەوە!

هەندێ هاوڕێ وەک با وان لە دەریادا. لەو دەمەی ڕا وەک پێل هەستایتەوە هاوڕێ و هاوتەریبتن. هەتاکوو دوا سنوور، هەتا بەستێن لەگەڵت دەبن!

وانیە هێمن؟!

◆ **موحسین سوبحانی**



Michael Sander

## «ماسیگرێک لەشەرمین دەگەڕێ»

خووە ئیدی ،هەرچیەک دەنوسم لەبەرخۆمەوەدەیلێمەوە.

خەتای ناسرە، دەناهیچ کات بەزەینم نەدەگەیشت تۆبکەمەکارکتەری چیرۆکەکەم خاتووشەرمین.

- چیرۆکی چی؟!کاتژمێرێکەبانگت دەکەم وەڵام نادەیەوە،دیسان هەموشتێک خەتای منە!؟

...ناسرتۆناڵێم،ماشەڵاتۆش هەمیشە گوێت لای منە.

ئەودرکەیەببستە ماڵتە خەریکم چیرۆک دەنوسم.

- ئەوەنیەئێستاکوتت خەتای ناسرە.

..ناسرێکی دیکەیە.تۆنایناسی ،ئەوچیرۆک نوسە ،چیرۆک دەنوسێ.

- ئووی موبارەکە ،ئەوکاک ناناسرەکێەئێستامن نایناسم وتۆدەیناسی؟ئەسڵەن تۆلەکوێ ئەو دەناسی؟

...ئای ناسرسەرم مەهێشێنە،بەڕاستی بێتامت کردوە ،هیچ تاقەتی دڵپیس کردنی تۆم نیە.دەزانی چەنددەمێکە هیچ نانوسم؟هەموی خەتای تۆیە .قەت ناهێڵی دودەقە تەنیابم.دەرکەکە ببستە وابەسەرمەوە وەستاوی دەڵەی داخۆا...

شەرمین بەتەواوی ئێستالەفەزای چیرۆکەکەی تۆ دام.دەبینم بەیانی بەوجلەرەنگاڵەتەوە دەڕۆی بومەدرەسە...زۆرخۆشەئەوهەواڵەکە لەئێستەوە دەکرێ بوشوێنەگشتیەکان وزانکۆومەدرسەش بەجل وبەرگی کوردیەوە بڕۆی.

دەمەوێت باسی ئەوکوڕەکەم بۆت.لەبیرت نەچێ دواترخۆت بپرسەوە لێم ،جارێ دەچم بۆلای ناسر،تابۆی ڕوون نەکەمەوە ناهێڵێ هیچ بنوسم .ناوی ئەوناسرەی بیستوە وازناهێنێ.بەپەلەدێمەوە بۆت دگێرمەوە.ئەگەردرەنگیش بوخۆت دەزانی چی بکەی!

ئۆف شەرمین ببورە ئاوای لێهات،جارێ هیچ مەپرسە،دواتربەوردی بۆتی دەگێرمەوە.ئەها،دەڵێن ئەوکوڕەهاتۆتەمەریوان،لەشوێن تۆدەگەڕێ .خۆی کوتویەتی دەچێ بۆڕاوەماسی .ماسی سپی چاورەش.

- دە نائاخر،کوتم مەپرسەلێم وگوێ مەدەبەودەنگەدەنگە.من ئەگەررۆژێک ئەوهەراوهوریایە نەبیستم گومان دەکەم کەزیندوبم.ئێرەهەمیشەئاواقەرەباڵغە.قەر ەباڵغیەکی شێتانەودورلەمەنتقێکی رەوایەتی،یەک هاواری

گۆرەویەکانیە،یەکێ کراسەکەی ئوتوی دەوێ،یەک چای دوانانی گەرەکە،یاسویچی ماشێنێ دیارنیە...

- دەتۆڕاۆەستە ،ئەوکوڕە ماسی گرە،ئەڵێن خۆت جارێک لەشوێنێکی گشتی شومارە تەلەفونت پێداوە .د یارەبۆمەبەستێکی وانا..ڕەنگەبتویستبێ یارمەتی دەی لەکاری ماسی گرتن.هەرچەندپێکەنیناویە تۆوێناکەم لەکاتی ماسی گرتندا..

- بیستوومە هەرزەنگی لێداوەوکەس وەڵامی نەداوەتەوە،بۆیەکەوتۆتەحەولی ئەوەخۆی بێت بەبەهانەی ڕاوەماسی لەزرێبارتۆبدۆزێتەوە.

- خەمی ئەوەمەبێت وبتدۆزێتەوە،دەزانم ئەوندەش ئاسان نیە دۆزینەوەت.مەریوان ماڵ بەماڵ بەگەڕێت ،دەبێ لەهەرشەقام وکۆڵانێک ڕابورێ ،قولاپ وتۆڕەکانی دانێت ولەزەنگی ماڵەکان دات..ئەسەڵەن کێ بایەخ بەوکوڕەرەنگ هەڵبزرکاوە دەدات کە وادا ماوی کۆلانانەولەشوێن شەرمینێک دەگەرێ؟ دڵنیام بەوزاراوەموکریانەی خویشی بکوژێ ناتدۆزێتەوە!تۆبڵەی ئەگەری ئەوەهەیەناسرلەوێ بێت؟ناسربەهەڵکەوت توشی ئەوماسی گرەبێت ئەوندەقورقۆشمە یەکسەرپێشی دەکەوی تابەردەرگاکەتان..ئاخرئەوخۆی پەرتەوازەی وەڵاتانە حەزبەسەرگەردانی کەس ناکات ،تەنانەت ماسی گرەکەی تۆش بێ..هە ،ئاڵمان کێ دەزانێ چەندێک دوورە.بەرواناکەم ئێستالەوەهاهەلومەرجێک کەتەنانەت تێلێگرامیش فیلترە ئەوڕێگەی کەوێتە مەریوانەکەی خۆمان.هەرمن ،دەزانی چەندجارئەوفانووسە دەبێ هەڵ کەم وبکوژێنمەوەتابەتێلێگرام وەسڵ بم تاوەکوئەوچیرۆکە بنێرم بۆت؟کوتم فانووس ،بیرم کەوتەوە ،دەڵێن ئەوکوڕەکوتەیەتی:شەرمین لەسەرواری حەوشی ماڵەکەیان فانووسێکی داگریساندوە.تکایە ئەو فانووسەزولابەوبیکوژێنەوە.گریمان فانووسی دیش ببێت لەوشەقامە،بەڵام ئێحتیات شەرتی ئەقڵە.دایگرە بابۆمان نەبێتەگرفت.من حەزناکەم ماسیگرەکەبتدۆزێتەوە.تۆشایانی ئەوەنی ببیەهاوسەری ماسیگرێک ،کەوەکو شێت بەردەوام ماسی ڕاودەکات ،ماسی ڕاودەکات...ودواترماسیەکان دەداتە بەردەمی چەقۆوزگیان دەدەڕێت ئەگەریش ماسی سپی چاوڕەش نەبێ فڕی دەداتەوەناوئاوەکە...دەڵێن دایکی بەوداخەوە مردوە ،تەنانەت بابیشی..ئاخرکوڕی باش ماسی سپی چاوڕەش بۆ؟؟نەکات دڵت پێبسوتێ وهەوڵ دەی تێگەیەنی.نەخێرخاتوون نا،کاری وامەحاڵە.تۆناتوانی هیچ پیاوێک ،لەهیچ کارێک کەخوویان پێوەگرتوە پاشەگەزکەی.

- دیتوتە ناسر(ناسرەکەی ئاڵمان)چەندەپەیوەستە بەنوسین ؟ دڵنیام

خۆلیایی نوسینی نەبایە دەبوبەماسیگرێکی حەییار..هههه.شەرمین گیان دەبێ بڕۆم ئیستا،ناسردەڵێ ئەوناسرەکێەکەکاک ناسرنیە؟ چوزانێ ئێمەلەوژوورەتایبەتە بۆمان هەیە کاکەکان ودادەکان فڕدەین وهەرخۆمانی خۆمان بین.تۆش لەوژیرتری کچێ گیان خۆت دەیە دەس ئەوماسیگرە ...

◆ خەدیجە جاوید



Gisler Marco

**«حەپۆل»**

لە وەتا لە دۆینیّوە "گۆبە"م ـ کردووە، زۆر باشترم. کاری ئەوەی نییە، بۆخۆشم بە حاڵەحاڵ خۆم دەناسمەوە.

ئەوشۆ گنج لە لەش و تەزووم لە سەری براپبوون، بۆ یەکەم جار وەک "گا" چوارپەلم ڕاکێشا و تا قاوەڵتوون تەخت لێی خەوتم؛ بێ ئەوەی بە بای خەیاڵیشم دابێت ئاخۆ خاوەن قەرز گونی کێهامان دەگرێت.

بەڵام دەترسێم لە خۆم خراپتر ئەو "تاسر"ە سەر شێتە لێم ڕاستەوە بێت و بڵێ:"کوڕە وەڵڵا هەر قەت هیچ "عەن"ێک نەبووی و ناشبی".

دەجا چش، با بڵێ. منیش دەڵێم :"ڕەحمەتی نەنکم نەماوە، دەنا وێنەی تۆم بەو سەر و پرچەوە نیشان دابوایە ئەویش چشی دەکرد لەو کڵاوە زێرینە جوانەی وا بەژێرچەنە هۆنراوە دەسکردەکەی خۆیەوە قەت لە تۆقی سەری نەدەترازا و؛ بە چەپۆک و چرنۆک بە ملبەند و لێزگە مێخەکەوە دەیهێنانە خوارێ و تەقەی سینگە ڕەق و تەقەکەی ڕۆژە ڕێیەک درۆیشت. ئەو دەم لە من سوێند و لەو سوێند هەموو ئەو هەڵکشاوی و داکشاوییەی سەبارەت بە تۆ ڕستبووم دەبونەوە بەخوری و؛ ئەو سەرێکەی بۆم سەلمێنرابوایە ئەوە وێنەی ڕاستەقینەی مرۆڤێکی پیاوە و، فرِی بە سەر دەعبا و...جرِ و جندۆکانەوە نییە".

ئەرێ، ئێستێش لە کردەی خۆم پەشیمان نیم.

هەموو دەم کاتی خودایە و، دۆینی ئەو دەمانە دوا نیوەڕۆی چوار شەممە بوو، بە گۆبە(تۆبە بە گوو) یەک، خۆم لە دەس "مامە خەمە" بوون ڕەخساند و بەڵێنیم دا ئیتر، ببرِا و بەبرِ بە دیار داری بێبەری حەز و خولیاوە هەڵتروشکێم و چڵمە لووشەی خەفەت هەڵلووشم؛ و بە بۆنی بریایەکی لە مێژینە و هەتایی و بێ هاتەوە ئەو "چارەگە دان" ـەی ژیانیشم بدۆڕێنم. ڕێک ئەو دەمانە بوو، بە نا بە دڵی بە هەر دوو چنگ گووم نۆشی گیان دەکرد و لاوکی دەستەشکاویم دەهۆندەوە، گەلۆ هاوڕێ: "هێمن، هیوا، شەرمین... وا من لەو هەڵدێر و تەلان و تەقتەقە بەشی خۆم ڕەگەز و ڕەسەن و تۆرەمەم بە شین و تۆوەوە چی بە داسی پیت و وشە دەسکەوتی دەبێت جێ هێشت. ئاخر ئەو داسە وا نە لە شان دەکرێ و، نە تەقە لە هیچ هەڵدەستێنێ و... جگە لە خۆ هەڵماساندن و پیش خواردنەوە و وەزگدان دەسکەوتێکی نییە، چی لێکەم! و سەر هەڵگرتنیش وەک عەجەم دەڵێت:"ئاڵ گاپووە، ساڵ گاپووە.(لە دەرکی خۆت بکرِە و، لە دەرکی خۆت بفرۆشە)" .

دەجا گۆبەکەم لە هەمووی پێ باشتر بوو، کەچی لەولاوە "بیژەن" لۆمەی چنگ

تێنانەکەمی دەکرد و دەیکوت کاکە ئابڕوومان مەبە لانی کەم بە کەوچک بیخۆ، و وێدەچوو بە بیرۆکەیەکی ئەندازیارانەوە بیهەوێ هەڵە و پەڵەکانی بەسەر هاتی من هەڵپڕوزێنێ و بیکاتە سەر توێی چیرۆکێکی ڕەق و تەقی بەستووی "هیمۆژینیزە".

"ڕەزا"ش ئاخ ڕەزا، دەیکوت لێی گەڕێن با بخنکێ. کوڕانی باشوور باش لێم حاڵی بوون، و "هەوراز" سەر بە هەنیسکەوە، سەر باری خەمی ئەوە بوو؛ نەکا پوورە خەمە"مریەم" گوێ بیس بێت و خەفەت بخوات.

◆ ڕەحمان جەنگ



Philipp Reutter

## «١٣٥ ساڵ تۆپێن»

تۆپەڵە بەفرێک نیومیتری مابوو; لە شووشەی قەتارەکە بکەوێ. لە وێستگە تووشی تۆ بووم. گوتم: ئەوە لێرە چ دەکەی; مریەم؟! گوتت: تازە لە لێپرسینەوە نەجاتم بووە!

بۆیەیەکی بنەوش بە سەر قامکی دۆشاومژەی دەستی ڕاستتەوە بوو! گوتت: چووبوم; چارەنووسی خۆم دیاری کەم. کەچی سەرم لە گرتووخانە دەرێنا! کولکە دارە ئەستوورەکە لە بەر دەرکەی بنەماڵەکەتان هەر مابوو!

ساڵی گرانییەکە بوو; بەشەر لە برسان, بەشەری دەخوارد! کەس لە ماڵ نەبوو; دایەستی دەبوو چووبا; لە چۆمی قاپەکانی شووتبا. لە ترسی عەجەمی برسی نەنکتی کە چوارساڵانە بوو; لە نێو تەندوورەکە دا شاردەوەو دەرخۆنەکەی بەسەر دادا. تا هاتەوە; خاتۆریزادی جیرانتان عەجەمانی بە سەربان دا ڕەپێنابوو. مامەقازیت لە بەندیخانە هاتەوە. کولکە دارێکی ئەستووری, لە شۆڕشەکەی سمکۆ, بۆ بەجێ مابوو!

سەروبەندی مۆندیالی تۆپێنی ٢٠٥٠یە. کوردستان خانەخوێی ئەو مۆندیالەیە. ئەوانەی بلیتی یاریگایان وەگیر نەکەوتووە; لە سەر ئاسمانی باکووری شار سەیری تۆپێن دەکەن. ئەوین ئاسۆ پێشکەشکاری بەتوانا و بەتەمەن بەڕێوبەری ئەو ئاهەنگەیە. سۆمای نەوەت لەسەر کامپیۆتێڕی شووشەی ماشێنەکەی, خەریتەی دیزاینی پارکێک دەکێشێتەوەو نێو و شۆرەتی خۆی بە بێ تختە کلیل, هەر لە حەوا دا دەنووسێ و بە ئینتێرنێتی ماشێنەکەی دەینێرێ بۆ باشوور. خاک و خۆڵی مەزارەکەت بۆنی سەربەستی دەدا.

٢٥ ساڵ لەوەپێش دوازدە برای یەکگرتووی کورد, تێکرا, کۆلکەدارە ئەستوورەکەی بەر دەرکی ماڵە قازییان هەڵێنابوو.

◆ بیژەن ڕەحمانی




Leif Ipsen

## «پەیمانی دۆستایەتی»

من: شەماڵ دە هەستە دەچیین بۆ شاری و کەل و پەلەکانمان دەکڕین ،درەنگە با زوو تێکەوەی پێچین.

شەماڵ: باشە ڕەسووڵ هەستە با بڕۆین .

من: ئێ کاکە سەد کەڕەتم پێ گوتی ،پێم مەڵێ ڕەسووڵ .بێز دەکەم لەو نێوە ،پێم بڵێ شاباڵ ،شاباڵ...

شەماڵ: باشە کاک شاباڵ ساز بە با بڕۆین.

لە ڕێگا

شەماڵ: کوڕە شاباڵ ئەم کارەی ئێمە زۆر تووش و ئەستەمە ،دەبێ سەبر کەین .ڕاسێل دەفەرمێ... و نیچەش دەڵێ...

من : ئاخر شەماڵ ئێمە چوار مانگی ڕەبەقە لەو بارەیەوە دەدوێین ،تەواوی کەلێن و قوژبنی کارەکەمان باس کردووە .تۆ نەتبیستووە کە ئەرەستوو دەفەرمێ...

شەماڵ: نا نا شاباڵ گیان من ئیمانم بە کارەکەی خۆمان هەیە .بۆیە ئەم قسانە دەکەم ئەڵێم با لە داهاتوودا تووشی پەشیمانی نەبین و دوایە هەر سەر شۆڕیمان پێنەمێنێتەوە.

لە بازاڕ

من: سڵاو کاکی دوکاندار؛ ئەم کاتەت باش. ببوورە ئەم ساکە سوورە گەورەیە قیمەتی چەندە؟

دوکاندار: عەلەیکە سەلام ،بەخێربێن .وەڵا قیمەتی ٣٠٠هەزار تمەنە !!

من : حاح !! ٣٠٠هەزار تمەن ؟

شەماڵ: بۆ کاکە چ خەبەرە ؟

دوکاندار: کاکە تاوانی من نییە، دولار چۆتە سەرێ !

لە دەرەوەی دوکان

من: شەماڵ چی بکەین ؟ ئێمە هەر ٤٠٠ هەزارمان پێیە ،خۆ ناتوانین هەمووی پێداویستێکانمان بکڕیین .چی بکەین ؟

شەماڵ : وەڵڵاهی نازانم ،ڕات چییە دەست لەو کەرێتییە هەڵگریین و پیاوانە سەرمان داخەین و خەریکی کارەکەی پێشوومان بین؟

من: کاکە تۆ چی دەڵێی ؟ چۆن بەو کارەی کە ئێمە چوار مانگە خەریکین و باسی لەسەر دەکەین دەڵێی کەرێتی ؟؟

شەماڵ: وەڵا ئاوایە ئەیدی !! ئەو ڕێگایەی کە هەڵمان بژارد بە کار نایە، بە هیچ ناگەین لەو ڕێیەوە ،چیدی من تێدانیم تۆش کەیفی خۆتە .ئێستە وەرە با بڕۆینەوە بۆ گوند. شاباڵ ڕاسێل دەفەرمێ ....

لە گوند

من: ها دەی شەماڵ چی بکەین ئێستا ؟ ئێمە کە پردەکانی دوای خۆمان ڕووخاندووە و ناتوانین بگەڕێینەوە سەر ئیش و کاری جارانمان .

شەماڵ: کورە کاکە ئەو کارەی کە ئێمە دەمان هەویست بیکەین بەکار نایە نا... هەر خۆمان مەسخەرە دەکرد. ئێستا پێیگەیشتم دەبێ چی بکەین !! دۆی شەو خەونم دیوە ... نیچە...

من: دەی کاکە بلێ بزانم ئەو کەرەت چ بیرۆکەیەکت هەیە ! ؟

شەماڵ: شاباڵ گیان ئێمە قەڵەمێکی بەهێزمان هەیە ،دەبێ کەڵک لە قەڵەمەکەمان وەربگرین و لە ڕێی نووسینەوە دەبێ لە سەر و گوێی ئەم نیزامە دەین و خۆڕافات و بتە دەستکردەکانی خۆمان تێکبشکێنین و پووچەڵیان کەینەوە .هەر وەک سارتێر دەفەرمێ ....

من : بیرۆکەیەکی زۆر باشە ،ئێمە ئەبێ زۆر بە تەسەلی کاری لە سەر بکەین و هێزی پێنووسەکانمان بەرینەسەرێ ! ئومێدەوارم ئەیدی لە سەر ئەو کارە سوور بی و ڕات نەگۆڕی وەک ڕابردوو !

شەماڵ : شاباڵ گیان ئێمە دەبێ لەو هەلەدا هیچکات پشتی یەک بەرنەدەین و لە گەڵ یەک هاوڕا و هاوپەیمان بین .نابێ بهێڵین نەیار و حەسوودان ڕەخنە بکەنە دۆستایەتێکەمان ! من ئێستا داهاتووم لە بەر چاوە و دەبینم کە من و تۆ بە هۆی نووسینەکانمان ،دوو مرۆڤی زۆر گەورە و بەناوبانگمان لێ دەرهاتووە. نیچە دەفەرمێ...

من : شەماڵ گیان بەڵێنیت پێ دەدەم هیچکات پشتت بەرنەدەم . و هیچ کێشە و گرفت و ناکۆکییەک ناتوانی دۆستایەتی من و تۆ کاڵ کاتەوە .

شەماڵ: تۆ برای منی شاباڵ گیان ، بەخوا هەمیشە پشتیوانیت لێ دەکەم و لە خۆشی و ناخۆشی لە گەڵتم ./

دوای دوو حەوتە دەمبینی شەماڵ لە گەڵم زۆر سارد و سڕە، ئاکارەکانی وایان دەنواند ! دەیهەویست خۆی لە من دوورکاتەوە .

تا ڕۆژێکیان دیتم هەر دوو ئێکانتەکانمی لە تێلێگرام بلۆک کردووە.

ئێستا سلاویشی لێ دەکەم ولام ناداتەوە...

نیچە دەفەرمێ...

◆ ڕەسووڵ ئاغاپوور (شاباڵ)

## «جیاوازی»

له دوای چەند کاتژمێرێک سووڕانەوە بە شەقامەکانا و گەڕان لە نەخۆشخانەکان، دواجار لە شەقامی شتغێزێمانشتخسەی بەرلین لە وێستگەی کاولسدۆڕف سواری شەمەندنەفەرێکی شاری بووم. بێدەنگییەکی وەها شەمەندەفەرەکەی داگرت کە هەستم کرد لە کتێبخانەیەکی گشتیام و خەڵک خەریکی موتاڵان، لە بەر جلە کوردیەکانم، هەموو بە سەرسامی تماشایان ئەکردم. ئەڵەی ئەو خەڵکە تا ئیسە چاویان بە جلی وا نەکەوتبوو، بەڵام خۆ ناحەقیشیان نەبوو زەرق و بەرقی جلەکانم لە چاوی دابوون. چاوێکم گێڕا بۆ ئەوەی جێگەیە بۆ دانیشتن بدۆزمەوە، دوو ژن بە پێوە وێستابوون؛ تۆیش سەرت بە پەنجەرەی شەمەندەفەرکەوە نووساندبوو و جگەرەیەکەت بە دانەگیرساوی بە لای دەمتەوە ئەنا و جار جار مژێکت لێ ئەدا؛ دوایش بە نیشانەی دەرکردنی دووکەڵەکەی هوژەیەک لە دەمتۆ ئەهات. لە دڵ خۆما وتم: جگەرە بە دانەگیرساوی؟ بە ڕاستی شێتە؛ بۆیە ئەم ژنانە بە پێوە وەستاون دیارە ئەوانیش بە شێتت ئەزانن و ناوێرن دانیشن. بە ڕیش و سمێڵ و پرچە درێژە ڕەشەکەتا کە ناوەناوەیش لێی سپی ببوو ئەمزانی ئەشێ پەنابەر بیت. لە پاڵتا دانیشتم بەڵام وەک ئەوەی هەستت بە بوونی کەس نەکردبێ جووڵەت لە خۆت بڕیبوو، سەیری قاقەزەکانی بەردەستتم ئەکرد، ژنێکی پێشمەرگە دوو منالّی لە نێو بۆمب و باڕووت و دووکەڵا لە باوەش گرتبوو و دەیفڕاند، لە نێو نەققاشییەکا گووم ببووم کە زەنگی مۆبایلەکەت بەرز بووەوە؛ هاتی لە گیرفانتی دەربێنی کە هەموو نەققاشییەکان داکەوتنە بەر پێت، دانەویمەوە کە بۆت کۆ کەمەوە: وتت: وێنیا بابە گیان، ئەرێ ئەرێ شت هۆشت (خۆشت) بۆ دێنمەوە...سەرم لە گێژەوە هات، نەک بۆ کورد بوونەکەت، دەنگێکی زۆر ئاشنا هاتبووە گوێم؛ بە وردی سەیرم کردی، هەڵە نەبووم، کاتێ چاویلکەکەت لابرد زانیم ئەو دەنگە ئاشنا خۆتی ناسر. قاقەزەکانم دایە دەست و تۆیش بە سەرسامی پێکەنیت و سپاست کردم. دوای چەن خولەک پرسیت:

- هەست ئەکەم لە شوێنێکدا بینیوتم بەڵام وەبیرم نایەتەوە

- لە کوێ منت دیووە؟

- نە هیچ هیچ شتی وا نابێ دیارە هەڵەم

- نا نا پێم خۆشە بزانم لە کوێ منت دیووە؟

- لە کچێکی هاوڕێم دەچی بەڵام ئەو لە ڕۆژهەلاتە و ...

- هاوڕێت؟ دەی ڕەنگە ئەو بم

- هههههه نە بابە هەو نی، هەو لێرە؟ نە نە...

- باشە تۆ بڵێ ڕەنگە خوشکم بێ

- ناوی شەرمینە چیرۆک دەنووسێ

- هههههه ئەوە خۆمم ناسر

تۆیش بە گاڵتە و پێکەنینەوە وڵامت دامۆ و وتت: هههههه باشە شەرمین بەم جلانەوە لێرە چی دەکەی؟ پێم سەیر بوو بەو ئاسانییە بڕوات پێکردبووم و تووشی سەرسوڕمان نەبووی...وتم:

- بە دوای مریەم قازی دەگەڕێم، وتیان لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی بەرلینە

- مریەم قازی؟ لێرەیە؟

- لێرە بووە بەڵام وتیان دوای ئەوەی تەندرووستی تەواو جێگیر ئەبێ، ڕۆژێ لەوە پێش گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، بۆیە منیش ئەمەوێ بگەڕێمەوە



- باشە بینینی مریەم قازی ئەوەندە گرینگە کە تۆی گەیاندۆتە ئێرە

- ئەرێ ناسر ئەو وتوویە چیرۆکنووس ئەبێ ڕابردوویەکی جیاوازی بێ بۆ ئەوەی بێ بە نووسەرێکی جیاواز و من دان بە چیرۆکەکەیا بنێم، بۆیە هاتووم جیاوازیەکانمی بۆ باس بکەم تا دان بە چیرۆکبوونی چیرۆکەکانما بنێت.دیسان پێکەنیت و وتت:

- دەی باشە لە نێو ئەم هەموو چیرۆکنووسەدا بۆ دەتهەوێ مریەم قازی دان بە چیرۆکەکانتا بنێت؟

- چونکا پێم جیاوازە ناسر، ئێمە لە یەک ڕەگەزین بە دوو تەمەنی جیاواز، بە دوو ڕابردووی جیاواز

- دەی بۆ بە تەلەفۆن پێت نەکوت، بۆ ئەم هەموو ڕێگەیەت بڕیووە

- هەرچی زەنگی بۆ لێئەدەم وڵامم ناداتۆ، بۆیە بڕیارمدا بێم و بەرەوڕوو پێی بڵێم

- ئەی ئەگەر بەرەوڕوویش وڵامی نەدایتەوە، ئەوسا دەتەوێ چ بکەی؟

- ئەوسا بۆ تۆی ئەگێڕنمۆ

ئەزانی ناسر هەموو کاتێ مرۆڤە جیاوازەکان سەرنجیان ڕاکێشاوم، تۆیش یەکێک لەو کەسە سەرنجڕاکێشانە بوویت کە بەردەوام سەرنجت ڕاکێشاوم؛ ئەزانم جیاوازی شتێکی باش نییە و ئاوا مرۆڤ خۆی بە سەرتر ئەزانێ، بەڵام ئەو جیاوازیانەی من باسی ئەکەم هیچ

پەیوەندییەکی بە سەرتربوونمەوە نییە؛ پێشتر ڕوو و ڕواڵەتی مرۆڤەکان سەرنجیان ڕائەکێشام بەڵام دواتر جیا لە ڕواڵەت بیرکردنەوە و سیفای مرۆڤەکان ببوون بە جێی سەرنجم و زەینمی بە خۆوە مژول ئەکرد.جیاوازی منیش لەو کاتەوە دەسی پێکرد کە لە بەر دەرگاکەمانا دائەنیشتم و سەیری یاری منالانی نێو کۆڵانم ئەکرد، بۆیە تا ئێستەیش فێری یاری کردن نەبووم؛ ئەزانم ئەڵێی دەی جا...یاریت بکردایەت. بەڵام ناسر ئێستا کە بیر ئەکەمەوە ئەبینم من یا هیچ کاتێ منداڵ نەبووم یا ئێستەیش گەورە نەبووم و نازانم کەی و لە چ قۆناغێک لە ژیانم. تۆ ئەزانی باوکم بژێوی ژیانمانی کۆڵانە و کۆڵان بە فرۆشتنی قوماشی ژنانە بە سەر شانەوە، پەیا ئەکرد؟ بۆیە هیچکات حەزم لە یاری نێو کۆڵانەکان نەبووە. یاری ئێمە لەبەرکردنی ناوی قوماشەکان و ناوی ئەو ژنانە بوو هەرگیز قەرزەکانیان نەئەداوۆ.

- دەی ئەمە جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە زۆربەی کوردەکان یاری منداڵیان نەبووە و هەر لە منداڵیەوە هەنگاویان بۆ گەورەساڵی ناوە، ئەوە نییە من و

مەسعوودیش دایم بە سەر و گوێلاکی یەکمانداوە و بابمان لە کورەخانە قوونی دەرهانیوین. مادام تۆ تەنیا کەس نیت لەم دنیایە کە یاریت نەکردبێ ئەوە نابێتە جیاوازی. ئەبێ لە دەروونتەوە هەست پێ بکەیت، جۆرێک کە وابزانی ئەوانیتر وەکوو تۆ نین و نەبوون؛ وتم باشە ناسر مادام تۆیش پێت جیاواز نیم ئەڕۆم. سەیری چاوەکانت کردم و پێکەنیت وتت: دەتەوێ باسی شەنگول و مەنگولم بۆ بکەیت؟ کاتێ دایکت دەڕۆیە دەرۆ دەیکوت دەرگا بۆ هیچ کەس نەکەنەوە تا خۆم دێمەوە. ئەزانم دایکت هەموو کوڕەکانی لێ کردبوونە گورگ و ئێوەیشی بە بزنە ترسنۆکەکانی نێو چیرۆکەکە. ئەرێ شەرمین ئەزانم شەرمن بوونەکەیشت ئاکامی ئەوەیە...

-هههها ئەرێ تا ئەو کاتەی لە کتێبخانەی زانکۆ کوڕێک داوای خۆشەویستی لێکردم و منیش لە ترسا کتێبخانەکەم جێهێشت و تا چەند مانگ ڕووم تێنەکردەوە. لێیگەڕێ ناسر من ئەشێ خۆم بگەینمە مریەم قازییا...

- باشە شەرمین منیش لە وێسگەی کۆتایی نزیک ئەبمۆ و مۆبایلەکەیشم خەریکە دەکوژێتەوە؛ تۆیش تازە لە زەماوەند هاتوویتەوە ماندووی، باشترە بنووی، سبەی لە کارگە باسی چیرۆکەکە دەکەین.

◆ شەرمین ساڵحی

## «شەڕی حیکایەتخوانەکان»

- ڕق بە سێ ڕێگە

- ڕێگەی یەکەم:

کەلـــەم وەک هەنارێک شەق دەبا، خوێن بەسەر سکەی شەمەندەفەردا پەخش دەکا.

حیکایەتێک دنەی دەدا، ئەم دێرانە لە لێوەکانی ڕوا:

دەبێ بڵێم ئیدی بوەستە! کۆتایی ڕێگەکە خۆم هەڵی دەبژێرم، دەبێ ئەم نەفرەتە لە ڕۆحم بکەمەوە.

ئەو قسانەی پاتە دەکردەوە، دەستێکی لە گیرفانیدا لە شێوەی مست دەگوشی، بە هەنگاوی لەسەرخۆ و بەلارەلار بەرەو لای سکەی شەمەندەفەرەکە دەبزوا، لێوەکانی زۆر بە هێواشی دەجوولاند، چاوەکانی گۆمی خوێن بوون. جارجار سەری بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە، جارجار تفێکی بۆ زەوی فڕێ دەدا، لاژەلاژ گەیشتە شوێنی مەبەست، دەیزانی چارەگێک کاتی ماوە، ماوەی چەند ڕۆژێکە بەردەوام چاودێری ئەو هێڵەی کردووە، دەیزانی دوای سێزدە خولەکی دیکە دەنگێک لە دوورەوە نزیک دەبێتەوە، لەوکاتەدا پێویستە لە سەر هێڵەئاسنیەکە ڕاکشێ، بە شێوەیەک سەری بە ئاڕاستەی شەمەندەفەرەکە بێت، بۆ ئەوەی کاتێک شەمەندەفەرەکە پانی دەکاتەوە، یەکەم شت کەلـــەی بپرژێ و هەست بە کەمترین ئازار بکات. بە خۆی دەگوت: من چیرۆکنووسی نێو فارگۆنەکانم، ژیانێکی پڕ لە چیرۆک، لە فارگۆنی شەمەندەفەرێک، یان میترۆیەک دانیشتوە و خەریکی نووسینی چیرۆکێکە، یان بە خەیاڵ کاراکتەرێکی بردووەتە نێو فارگۆنێکەوە و لەگەڵ کاراکتەرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ منداڵیە پڕ لە ئازار و ناخۆشیەکەی. دەیزانی ناتوانێت ئاوا بە ئاسانی لە جادووی فارگۆنەکان بێتە دەرەوە، بەڵام نەیدەزانی بەو کۆتاییە ترسناکەی دەگەیەنێت. چیرۆکنووسەکە عاشقی کاراکتەرێکی خۆی دەبێت، شەو و ڕۆژ لە خەیاڵی ئەو کاراکتەرەدا ئازار دەچێژێت، چەند زیاتر لەگەڵ ئەو خەیاڵانەدا بژیەت، زیاتر هەست بە تەنیایی خۆی دەکات، هەست بە ناکامی عیشقە شێتانەکەی خۆی دەکات. چەندی بیری لێ دەکاتەوە، نازانێت ئەوە چۆن ڕووی دا! هەرئەوەندەی دەزانی لە ئاهەنگی هاوسەرگیریەکەیدا پێویست بوو چەند دێرێک وەسفی جوانی ئەو کچە بکات، کاتێک ڕستەکانی دەنووسی، خۆی لە بەرانبەر وێنەی کچەکەدا بینیەوە، کچەکە بە نیگایەک دڵی کون کرد، لە نێو ئاسمانی چاوە شینەکەیدا ون بوو، وەک شێتان لە خەیاڵدا مەلەی دەکرد. دەستی بووکەکەی گرتبوو، لە نێو دارستانێکی چڕدا یەک بە دەنگیان گۆرانیان دەچڕی و ڕایان دەکرد. بەئاگاهات! پێنووسەکەی

لەسەر دوا دێری وەسفی کچەکەدا وەستابوو، گوێی لە دەنگی خۆی بوو، گۆرانی دەچڕی، هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵ کێشا، بەڵام چەند چرکەیەک درێژەی نەکێشا، لە سەرەوەی بەشی لای چەپی قەفەزەی سینگی هەستی بە ئازارێکی تیژ کرد. کاتێک هاوژینەکەی قاوەیەکی لەسەر مێزی نووسینەکەی دانا و ماندوونەبوونی لێ کرد، بە وەڵامدانەوە ساختەکەی، زیاتر دڵنیابووەوە لەو درزەی کەوتبووە دڵیەوە. بە پێی گرێچنی چیرۆکەکە دەبوو ئەو کچە هاوسەرگیری لە گەڵ دڵدارەکەی بکات و ژیانێکی بەختەوەرانە دروست بکەن، بەڵام کاتێک پێنووسەکە وەستا، ئاڕاستەی ڕووداوەکانی بە ڕێڕەوێکی تەواو پێچەوانە گۆڕی، ڕووداوەکان گەیشتبوون بە ڕۆژی ئاهەنگەکە، لەو ڕۆژەدا شتێکی چاوەڕوان نەکراو ڕووی دا، زاوا پێش ئەوەی گوڵەکە بگەیەنێتە دەستی بووک، بە پشتدا کەوت و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی کرد، ڕووداوەکە بۆ هەمووان چاوەڕوان نەکراوبوو، جگە لە چیرۆکنووسەکە، کاتێک ئاپۆڕای خەڵکەکە بە شڵەژاوی لە دەوری تەرمی زاوادا کۆبوونەوە بووک



هاواری دەکرد و پرچی خۆی دەڕنییەوە، چیرۆکنووس خەندەیەکی فێڵاوی لەسەر لێو بوو، قومی لە قاوەکەی دەدا.

گوێی بە سکەی شەمەندەفەرەکەوە نابوو، هەستی بە دەنگێک کرد، بەرەبەرە لێی نزیک دەبووەوە، دیمەنی گریانەکانی مەعشووقەکەی دەهاتەوە پێش چاوی، شەوی گفتوگۆیە خەمهێنەکەیانی بیردەهاتەوە.

دەنگی دڵی تێکەڵی دەنگی شەمەندەفەرەکە دەبوو، هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو: لە خۆم خۆش نابم، نا هەرگیز لە خۆم خۆشنابم، من بکوژم بکوژ! دەبێ کۆتایی بەم چیرۆکە ئازاراویە بهێنم. چاوەکانی لە دووری چەند مەترێکەوە لەسەر شەمەندەفەرەکە گیرسایەوە، بە دەنگێکی پچڕپچڕ: شەق دەبەم! شەق دەبەم و کۆتایی!

ـ ڕێگەی دووەم:

بتڵەکەی بە دەستی چەپی گرتبوو، دەستەڕاستیشی لە گیرفانیدابوو، بەلارەلار دەڕۆیشت، بتڵەکەی بە سەریەوە نا، هیچی تێدا نەمابوو، بە هەموو هێزیەوە فڕێی دا و چەند جوێنێکیشی بە دوایدا نارد. هەموو شتێکی لە دەست دابوو، کاتێک بیری لەوە دەکردەوە مچوڕکەی بە

لەشیدا دەهات و تفی فڕێ دەدا، هاواری دەکرد و جنێوی دەدا: زۆری نەمابوو بیبەمەوە، چەند خاڵێکی کەم مابوو! بە نەفرەت بن! دڵنیام فێڵیان کردووە، ئەگەرنا ئەمجارە من زۆر باشتر یاریم کرد. بەیانی ژن و منداڵەکەشی فڕێ دەدەنە سەر شەقام، دەیەوێ دڵی خۆی بداتەوە: ئێ گەورە ڕۆماننووسی ڕوسییش هەمان دۆخی منی هەبووە، ئەویش هەموو سامانەکەی لە قومار دۆڕاندبوو، بەڵام ئەوەتا ناوی بۆ هەتا هەتایە لە مێژوودا دەمێنێتەوە! ئەوەتا هەتا ئەدەبیات ماوە قەرزاری ئەوە. تفو، بە نەفرەت بی! لە دیستۆفسکیش بەم! بۆ دەبێ ببمە دیستۆفسکی؟ تفو! خاکی ئێرە دیستۆفسکی لێ ناڕوێ! هەرئەوەندە کەسێکی وەک ئەو فاشیل بیت، بە شێوەیەک ڕەتت دەکەنەوە، بە هیچ جۆرێک نەتوانی هەڵسیتەوە، من ئانا گریگۆڤنا لە کوێ بێنم سەرباری ئەوهەمووە دۆڕانەشم هەر وەک کێوێک پشتگیرم بێت؟! لەپشت هەر پیاوێکی هاهاها زنجیری پانتۆڵەکەی کردەوە، شەبزوزی دەرهێنا و بە هەر چواردەوری خۆیدا هەڵ میزی. هاهاها پیاوی سەرکەوتوو، هی هی هی گریانێکی شێتانەی بە دوادا هات: لەو بەرزاییەوە میزپڕژێنتان دەکەم، ئەوە بارانی سەخافەتە بە سەرتاندا دەبارێنم، وەک منداڵێک یاری بە ئاڕاستەی میزەکەی دەکرد: چەترەکانتان هەڵدەن، دەی! دەی! هۆۆۆۆۆ هۆۆۆ لە عەرزتان بەم هۆۆۆۆ. چۆن تەماشای نیگا سەرکۆنەکەرەکەی ژنەکەم بکەم؟ نا نا بەرگەی ئەوە ناگرم، تاپۆکەم بە جێ هێشتوە لەگەڵ وەکالەیەک بە ئیمزای خۆمەوە، پێمناخۆشە ئەوە میراتەکەمە، کە دوای خۆم هەڵدانە سەر شەقام بۆ ژنەکەم و منداڵەکەم بەجێ دەهێڵم، بەڵام مەگەر چی دیکەم لە دەست دێت؟

ئۆۆۆۆهۆۆۆ دوای میزباران ئینجا خوێنباران دەبینن، چونکە مرۆڤێک لەوسەرەوە دەفڕێ و لەو خوارەوە شەق دەبا!

بمب کۆتایی پێ دێت!

ـ ڕێگەی سێیەم:

پێویست ناکات بیر لە هیچ بکەمەوە، نانا ئەو خەیاڵانەی پێش خۆکوژی تەنیا بیانون بۆ بەستنەوەت بە ژیان، هیچ نین جگە لە شیرینکەری ژیانی بێمانای دونیا. ناهێڵم ئەوە ڕوو بدات، هەرئێستا دەمانچەکەم لە بن چەنەگەم دەنێم و دوای خوولەکێکی دیکە لەو بەرزاییەوە بەردەبمەوە نێو ئەو شەپۆلە شێتانەی خوارەوە، ئیتر کەسیش بە شوێنم نازانێت و دەبمە خۆراکی زیندەوەرەکانی دەریا.

دەستی ڕاستی لە نێو گیرفانی بوو ، دەمانچەیەک بە دەستی چەپیەوە بوو، لە بن چەنەگەی نابوو. بایەکی شێتانە ئاوازێکی ترسناکی پەخش دەکرد، هاوارێک لە نێو دۆڵەکەدا دەنگی دایەوە:

تەواو، ئیرە جێگەی کۆتا دەنگە: بمب و کۆتایی!

ـ لەبری پێشەکی:

ئەم پێشەکیە بۆیە دەنووسم، تاوەکوو کاری ئەو ڕەخنەگرانە ئاسان بکەم، کە دەیانەوێ لە ڕووی دەروونشیکاریەوە خوێندنەوە بۆ دەقی ئەدەبی بکەن، دەمەوێ بابەتەکە ئەوەندە ئاسان بکەمەوە، پێویستیان بەوە نەبێ شتەکە ئەوەندە بئاڵۆزکێنن هێما لە داروبەردی چیرۆکەکەم بدۆزنەوە و بۆ پشتڕاستکردنەوەی گریمانە پێشوەختەکانیان لێکدانەوەیان بۆ بکەن، یەکێکیان بنووسێت: شەمەندەفەرێک لەلای سەرەوە ڕا دێت هێمایە بۆ ئەندامی زاوزێی باوک، یەکێکی دیکە بنووسێت: کوڕی فارگۆنەکان واتە شەیدابوون بە دایک، بەو پێیەی، کە فارگۆن هێمایە بۆ ئەندامی زاوزێی مێینە و کوڕەکەش دراوەتە پاڵ فارگۆن. قسەی قۆڕ! دەی بەو تیۆریە قۆڕانە دونیای نووسینیان ئەوەندە لێمان تەسک کردووەتەوە، دەشێ ئێستا یەکێکی دیکە ڕەخنەم لەسەر ئەوە لێ بگرێ، کە چیرۆکنووس دەبێ زمانێکی باڵای هەبێ و مومکین نییە بەو دەستەواژانە بە زمانی چیرۆکنووس بدوێی( قسەی قۆڕ، تیۆری قۆڕ) ئەوەی ڕەخنەی شتی وام لێ بگرێ حەقی وایە پێی بڵێم: هەی گەمژە تۆ ئاگات لەوە نییە چیرۆکنووسیش مرۆڤە و بەپێی دۆخی دەروونی دەشێ زمانیشی بگۆڕێت.

لە ئەنجومەنێکی ئەدەبی تایبەت بە چیرۆکنووسین ئەندام بووم، لەوێ هەفتانە بابەتێک دیاری دەکرا، کاتێک دادەنرا تاوەکوو چیرۆکنووسەکان چیرۆکی بۆ بنووسن. چیرۆکێکم دەنووسی، بە خۆمم دەگوت: ئەمەیان چیرۆکێکی زۆر باشی لێ دەرچووە، بەڵام زۆربەی جارەکان، کە دامدەنا یەکێک لە ئەندامان، بەو شێوانە قسەی لەسەر چیرۆکەکانم دەکرد( نیوەم خوێندەوە زانیم بە کەڵکی هیچ نایا، ئەمەیان چیرۆک نییە، لە چیرۆکەکانتدا واز لەو سەفسەتانە بێنە ، منیش کە سەرەتام بوو، وەک تۆ دەمویست قسەی گەورە لە چیرۆکەکانمدا بکەم)، بە کورتی ددانی خێری بە مندا نەدەنا، منیش زۆر لێی پەست ببووم، لە دەرفەتێک دەگەڕام تۆڵەی خۆمی لێ بکەمەوە، هەرچیم کرد، ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخسا، بۆیە بڕیارمدا لە چیرۆکێکدا بیکەمە کاراکتەر و ڕقی خۆمی پێ بڕێژم، دڵنیام کاتێک ناونیشانی یەکەم ناوبڕی چیرۆکەکەتان بە ناوەڕۆکەکەی بەراورد کردووە، لەوانەیە ڕەخنەتان لێی هەبووبێ، بەوەی لە گەڵ ناوەرۆکەکەی وێک نایەتەوە، ناوەرۆکەکە باس لە سێ هەولی خۆکوژی دەکات، بەڵام من ناونیشانی (خۆکوژی بە سێ ڕێگە)م بۆی هەڵنەبژاردووە! بەڵام کاتێک

سەرتاپای دەقەکە دەخوێننەوە تێدەگەن بۆچی ئەو سەردێرەم هەڵبژاردووە. دوای نووسینی هەر ڕێگەیەک پێش ئەوەی بگەمە دیمەنی کوشتنەکە شتێکی سەیر ڕووی دەدا، خۆم لە هەمان دۆخی کاراکتەرەکەم دەبینیەوە و لە هۆش خۆم دەچووم، کاتێک دووبارە دەچوومەوە سەری هەمان دۆخم بە سەردا دەهاتەوە، ناچار هەوڵم دا ڕێگەی دووەم تاقی بکەمەوە، بەڵام دیسان خۆم لە هەمان دۆخی کاراکتەرەکەم بینیەوە و لە هۆش خۆم چووم، چەندجارێک هەوڵم دایەوە، بەڵام هەمان شت دووبارە دەبوونەوە. ئەگەر سەرنجتان لە ڕێگەی سێیەم دابێت هەست دەکەن ویستوومە هەر لە کورتی بیبڕمەوە، بە جۆرێک تەنانەت گوێشم بەوە نەداوە،، تاوەکوو چیرۆکەکەم سەنگینتر بێت، خوێنەر بۆ باوەڕهێنان بەو خۆکوژیە ئامادە بکەم، هیچ هۆکارێکیشم نەداوەتە دەست، یەکسەر کاراکتەرم بردووەتە ئەو جێگەیە ، بەڵکو ئەمجارەیان بتوانم زوو کارەکە کۆتایی پێ بێنم، بەڵام ئەو جارەشیان نەمتوانی و پێش کۆتایی کارەکە هەمان شتم بە سەردا هات. هەڵبەتە دەبوو بە چیرۆکەکانمدا بچمەوە و نهێنی ئەو ڕووداوانە بدۆزمەوە، چەندین جار چیرۆکەکانم خوێندنەوە، تا شتێکی نامۆم تێدا بینی! بۆچی لە هەرسێ چیرۆکدا کاراکتەرەکەم دەستێکی لە گیرفانی دایە؟ دەبێ نهێنیەک لەمەدا هەبێ، مومکین نییە کاراکتەرێک نیازی خۆکوژی هەبێت و ئاواش دەستی لە گیرفانیدا بێت! ئەوە لە ڕووی دەروونیەوە زۆر ناشیاوە، خۆنەویستانە چاوەکانم کەوتنە سەر گیرفانی چەپی شەرواڵەکەم، دەسم لە نێو گیرفانمدا بوو، هەستم کرد پەڕەیەک لەنێو دەستم دایە!

ـ کۆتایی

نووسینی: کاراکتەر

ڕقی خۆم بە سێ چیرۆک پێ ڕشت، لە چیرۆکێکیان بە چەند دێرێک هەڵمدایە بەردەمی شەمەندەفەرێک.

لە چیرۆکێکی دیکە لەسەر بینایەکی بەرز فڕێم دایە خوارەوە.

لە چیرۆکی سێیەم دەبووایە گوولـلەیەک بە بن چەنەگەی خۆیەوە بنێ، بە شێوەیەک بگاتە کەللـەی، دواتر لە کێوەکەوە هەڵدێرێ بۆ نێو دەریایەکی گەورە.

چیرۆکەکەم لە پەڕەیەک نووسی بوو، لە گیرفانم نابوو، دەستی چەپم لە گیرفانم نابوو، بە دڵخۆشی و بە فیکە بەرەو وێستگەی میترۆکە شۆڕبوومەوە، گوێم لە دەنگی میترۆکە بوو، شتێکی زۆر سەیر ڕووی دا! کەوتمە نێو دونیایەکی جیاوازەوە! دونیایەک بە دونیای ڕاستەقینە نەدەچوو! بەردەوام ئەو سێ ڕووداوەی چیرۆکەکەمم بە سەردا دەهات،

تاوەکوو ڕۆژێک دەستم لە گیرفانم دەرهێنا، دەستم کرد بە خوێندنەوەی پەڕەکە:

دکتۆرەکە پێم دەڵێ نزیکەی سێ مانگە لێرەی!

نازانم ئێرە کوێیە، بەڵام کەســی زۆر ســەیری لێیە، یەکێک هەیە بەردەوام چەند دێڕێک دووبارە دەکاتەوە: بمب کۆتایی، بمب کۆتایی، بمب کۆتایی...

یەکێکی دیکە هەیە، بەردەوام پەنجەی شــەهادەی لە شــێوەی دەمانجە بە بن چەنەگەیەوە دەنێ، چاوی لە ســەقفەکە دەبڕێ و دەگریا. ئێرە زۆر ســەیرە! هەموو ڕۆژێک بە گەرمایی میزی یەکێک بە ئاگا دێمەوە، ئەو قاقا لێ دەدا و پێمدا دەپرژێنێ، تێی هەڵ دەدەم، بەڵام ئەو هەر قاقا لێ دەدات... ســەر لەســەر پەڕەکە هەڵ دەبڕم، چاوم دەفڕێتە ســەر گیرفانی یەکێک، کە لە بەرانبەرم وەستاوە و دەستی لە گیرفانی ناوە، بە شێوەیەکی ترسناک دەمی دەکاتەوە و پێ دەکەنێت، لێوەکانی دەجوولێنێت وەک ئەوەی بانگم بکات، ترســێک ڕۆ دەچێیە ناخمەوە، بەرەبەرە لێم نزیک دەبێتەوە، دەستم لە گیرفانم دەردەهێنم پەڕەکە لەسەر مێزەکەی بەر دەمم دادەنێم، دەنگی نزیکبوونەوەی شەمندەفەرێک لە کەللــــەمدا دەنگ دەداتەوە...

◆ دابان عەتار



## «دەردی کاری»

شەرمین ئەگەر لەبیرت بێ، بۆ ماوەیەک تۆ تەنیا ژنی نێو ئێمە بووی؛ لەوانەیە لەو ماوەیەدا زۆرجار لەبەرخۆتەوە لەخۆتەوە گوتبێتت: "ئەرێ من لەنێو ئەم هەموو پیاوەدا چ دەکەم؟" هەر لەم ماوەیەدا لەوانەیە زۆر شتی دیکەشت لەبەر خۆتەوە گوتبێ، بۆ نموونە: "دەی جا چییە؛ ژن چییە و، پیاو چییە؟ با هەر من ژن بم لەنێویاندا! خەریکم ناڕاستەوخۆ بۆخۆشم جیاکاریی ڕەگەزی دەکەم! خۆ ڕاستە خاناخا نێر و مێ دوو ڕەگەزی لێک جیاوازن، بەڵام خۆ هەردووک ڕەگەزەکە مرۆڤن! ئەوەش ڕاستە، هەموومان هەر مرۆڤین، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەمووشمان باوەڕمان بەو ڕاستییە ببێ! کاتێک زۆر کەس بەر لەوەی وەک مرۆڤ سەیرم بکەن، وەک ژنێک سەیرم دەکەن؛ من چارەم چییە؟ بۆ نموونە هەر ئەم کاک ناسرە کە ئێستا ئەم چیرۆکەی لەبارەی من دا دەنووسێ، تا ئێستا بە دەیانجار ژن بوونەکەمی خستووەتە پێش مرۆڤ بوونەکەم؛ زۆر جار بووە پێی گوتووم: "خۆشحاڵم کە تۆ یەکێک لەو خانمانەی کە بەردەوام لە کارگە بەشداری دەکەی!" یان بووە پێی گوتووم: "زۆرم پێ ناخۆشە لە حەفتەیەکدا سێ لە خانمەکانی کارگە بەیەکەوە ڕۆیشتوون! تۆ کە لە ڕەگەزی ئەوانی بزانە پێوەندییان پێوەناکەی بگەڕێنەوە کارگە!"

باشە گوناحی من چییە، لە ماڵێ، لە قوتابخانە، لە زانکۆ، لە بازاڕ لە هەمووجێگایەک هەر دەبێ لەگەڵ ژنان و ڕەگەزی مێیینە سەرووکەللە لێدەم؟ ئەرێ کاکە ماندووبووم لەوهەموو ژنەی بەدەورمەوەیە! با لانیکەم لە جێیەک تەنیا پیاوم بە دەورەوە بێ! من چیم لێیان داوە؟ ژنن بۆخۆیان ژنن، کاکە من ژن نیم! من مرۆڤم! نامهەوێ بەهۆی ژنبوونمەوە هەر لە نێو ژنگەلم بئاخننەوە! ئەوشتەی ئازارم دەدات ئەوەیە؛ هەموو ئەو کەسانەی تاریفی کارە لاوازەکانم دەکەن، بڵێی بەبۆنەی ژن بوونمەوە بێ!؟ ئەوانەشی کە لەسەری کارە باشەکانم دەدەن، بڵێی بەبۆنەی ژن بوونمەوە بێ!؟ لەوانەیە گرووپی یەکەم لەبەر خۆیانەوە بڵێن: "کوڕە با تاریفی بکەین، ژنە گوناحە، لە ژنێک لەوە زیاتر چاوەڕوان ناکرێ، هەر باشیشە ئەوەی توانیوە بنووسێ!" پێدەچێ گرووپی دووهەمیش بڵێن: "کوڕە خودا دەزانێ چ پیاوێکی خاوەن گرێی جنسیی ئەو چیرۆکانەی بۆ دەنووسێ، بۆئەوەی شتێکی دەست کەوێ، دەنا ئەوشتانە کوا بەئەقڵی ژنێک دەگات!؟" تۆ بڵێی پیاوێک هەبێ من بەتەنیا وەک مرۆڤ سەیر بکات و کاتێک کە لەگەڵ بەرهەمێکم بەرەوڕوو دەبێتەوە لە دەروونی خۆیدا بەم جۆرە پێوەرانە لێکی نەداتەوە؟! ماندووم! لە وهەموو پرسیارە بێ وەڵامە ماندووم! بۆ ئەوەی قەزاوەتێکی درووست لەسەر کارەکانم بکەن، دەڵێم ئەکاونتێکی فیک

دروووســــت بکەم و بە ناوێکی پیاوانەوە بچمە مەیدان. ئامانجی من ئەوەیە بزانم کارەکانم بایی چەندن، دەنا بۆخۆم دەزانم خۆم بایی چەندم و پێوســـــتیشـــــم بەوە نییە بزانم کێ چ نرخێکم بۆ دادەنێ! بەڵام ئەکاونتی فیکیش کێشــەی خۆی هەیە، ئەگەر نەمناســـن گرنگی بە کارەکانم نادەن! ئاخ! ئێســـــتا بەڕاســـــتی من چارەم چییە؟ خۆزگە ئەو ماوەیە پەروێن خانمیش نەهاتبوایەتەوە بۆ کارگە و منیش وەک تاقە ژنی چالاکی کارگەی چیرۆک، لە کارگە ڕۆیشتبوایەم و ئەو نێرخانەیەم بەسەر خۆیاندا بەجێ هێشتبوایە!"

دەزانی چۆنە شــەرمین؟ تۆ دوو ســەعاتە لەبەرخۆتەوە قســە دەکەی و ڕەخنە لە ئەقڵییەتی جیاکاریی ڕەگەزی دەگری؛ کەچی لە کۆتاییی دا خۆشـــت بەو هەڵوێســـــتەت بوویەوە بە بەرهەمهێنەرەوەی ئەو ئەقڵییەتە! لێیگەڕێ... من لێی دەگەڕێم، تۆش لێیگەڕێ!

◆ ناسر فەتحی



Steven Weisbach

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگرامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاڕاگڕافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ـی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ◌̆◌̄ ◌̄ ◌َ◌ٔ ◌̄,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = ⁕]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"

ئاوا هەڵەیە:
گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆر، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ یش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرچ بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# بەتامر چیرۆک

**ت.ق/ مهاباد:**

مامم گێڕایەوە:

دە پازدە ساڵ لەوەپێش؛ دانی پاشنوێژان لە مەدرەسەیەک موعاوین (جێگری مودیر) بووم. پێشخزمەتەکەمان (کاقادر) کوڕێکی زۆر ڕووحسووک و لەبەردڵان بوو. من و موعاوینەکەی تری هاوکارم زۆرمان خوش دەویست و ڕێزمان لێ دەگرت. ئەویش خۆشی دەویستین و هەرکات سەری سووک دەبوو دەهاتە دیوەکەی ئێمە و دەکەوتینە قسە و جەفەنگ!

هەر لەو مەدرەسەیە سەرایدارێکی دیکەی لێ بوو کە شیفتی کارییەکەی هەر وەکوو دابی هەموو مەدرسەیەکە؛ دانی بەیانییان بوو. کابرای سەرایدار وەزعی لەوپەڕی باشی دابوو، هەم موچەی باشی وەردەگرت، هەم لە زەمانی شەری ئێران و عێڕاق بە دیل گیرابوو و لە ڕێکخراوی یونیسێف مووچەی دووقاتی بۆ بڕابۆوە! هەمیش خانوو و ئاو و برق و ... مفتێی هەبوو. بە کورتی لە هەموو بابەتێکەوە خودا خوێندبوویە و وەکی کورد دەڵێ خوداپێداو بوو!

لە بەرامبەردا کاقادر، چەمبەری ڕۆژگار بوو!

لە دوو مەدرەسە کاری دەکرد بەڵام ئەوەی دەیاندایە نەدەگەیشتە چوار یەکی مووچەی کاکی سەرایدار! تازە کرێچیش بوو!

جا ئەگەر خودا یەکێکی خوێندەوە، لەلای عەبدیش خوێنشیرن دەبێ! کاکی سەرایدار لە دانی بەیانی‌دا دووکانی خۆی دەکردەوە و بە پشتیوانی مدیرەکانی هەر دوو شیفت، سێ ڕۆژیشی لە حەفتەدا لە دانی پاشنوێژان داگیرکردبوو و لە کاقادری بڕیبوو. بەشە

پاککردنەوەی خۆشی خستبۆوە ئەستۆی کاقادر! تازە لەو سێ رۆژەشدا کە کاقادر شتی دەفرۆشت، کاکی سەرایدار نێوە نێوە بووفەکەی خۆشی دەکردەوە!

هەر چەند کاقادر هاواری دەهات کە بابە ئاوا نابێ کەس گووی بە کڵاوی نەدەپیوا و گوێی نەدەدایە! خودا هەڵناگرێ هەم من و هەم موعاوینەکەی هاوکاریشم داکوکیمان لێ دەکرد و بۆی دەپاڕاینەوە بەڵام قسەی ئێمەش قسەی مدیرانی نەدەبڕی و ئەو پێودانە نەدەگوڕا.

ئەو وەزعە بەردەوام بوو تا ڕۆژێک بە هاوار و دادی کاقادر لە دیوەکەم دەرپەڕیمە دەر و چووم بزانم چ خەبەرە!

تەماشام کرد ئەوە کاقادری دەستتەنگ کە لەبەر کاکی سەرایدار شتەکانی بۆ نەفرۆشرابوو کەلوپەلە ماوەبەسەرچووەکانی بەو پەڕی ناڕەحەتییەوە فڕێ دەدا و بە دەنگێکی بەرز دەڵێ: ئەی هاوار جەماعەت من قوڕی کوێ وەسەر کەم ژنەکەم جوان نییە؟!

جا ئەوە منیش بو دڵدانەوەی: "دەی هەناوت خرابێ تۆش یەکی جوانت هێنابا!"

لەوە زیاتر چم بەزەین نەگەیی دڵخوشی بدەمەوە!

**بۆکانی:**

دوو دۆستی دێرین کە لە فێڵبازیدا تایان نییە پێکەوە دەچن بۆ ورمێ. لە ڕێدا کە زۆر توندیش دەڕۆن، تووشی چەند ئەندازیار دەبن کە کامێرای تایبەتی کاروباری ڕێگاوبانیان داناوە بۆ چاککردنی ڕێگاوبانان.

برایم فێڵەبازترە، بە سلێمان کە شۆفیر دەبێ دەڵێ: هەتی سلێمان بەغەوس ئەوە پۆلیس بوو! بڵێی جەریمەی بۆ نەنووسیبێین؟ دا ڕایگرە با بزانم.

دادەبەزێ و دەچێتە کن ئەندازیارەکان. ماندوونەبینیان لێ دەکا و دوو سێ پرسیاری قەستیان لێ دەپرسێ و دێتەوە و دەڵێ: چا نەبوو چووم، بەشەڕەف دووسەد هەزاریان بۆ نوسیبووین، باش بوو بە پەنجا هەزار بەرتیل جێبەجێم کرد بێنە بمدەوە دەی. لێی دەستێنێ و خەرجی ئەورۆژەیان ئەوە بوو کە لە پێشدا قەراریان بوو؛ ماشێن ئی سلێمان بێ و خەرجیش برایم بیکێشێ!

**هیوا فتحیان:**

ئەوا کابرا کوڕێکی بوو لە شار دەرسی ئەخوێند و بەو هۆیەوە تۆزێ نازار بار هاتبوو و دەس و پەنجەی بە کاری ئەستەمی دێهات ڕانەهاتبوو. دەرس و دەور تەواو بوو و گەڕاوە بۆ دێهات بۆ یاریدەی دایک و باوکی. هەر ئەو ڕۆژە گەیشتە بەرۆ، بۆ بەیانی بردیان بۆ دروێنە بە داسە دەسی و ئەوەی بە خەسی خواردبووی بە تراوی پیان دەرداوە! کوڕەی داماو بۆ ئەوەی تۆزێ خۆ بدزێتو لە کار، تاوناتاوێ ئەچوو بۆ سەرئاو! تا وای لێ هات باوکی تووڕە بوو و دەنگی کوڕەی دا:

هەتیو بۆ کوێ؟ ئەمە لە بەیانییەوە دە جار چووی بۆ گووکردن! دە بەسی کە، ئەگەر ڕاس ئەکەی هەر لێرە دەست بەئاو بگەیێنە، هەر چیش بیکەی ئەیخۆم!

**بۆکان ٢٤:**

کاک عەوڵای دۆستم گێڕایەوە؛ لە دێیەک لەگەڵ وەستایەکی قۆرەکاری کارمان دەکرد. دەمانەویست خانوویەکی دوو نهۆمی دانێین. لە نەهۆمی سەرێ دابوین کە لەناکاو خانووەکە یەکسەر هاتە خوارێ. دوو سێ نەفەر لە کرێکارەکان دست و لاقیان بریندار ببوو. بەڵام کەس کێشەی گەورەی بۆ نەهاتە پێش. کوڕێکمان لەگەڵ بوو فەقیر و گێژۆکە بوو هیچی لێ نەهاتبوو، کوتمان کاک ڕێبوار تۆ هیچت لێ نەهاتووە؟ کوتی وەڵا بەیانی کە هەستام لە خەو دوو پاتۆڵم لەبەر کرد، ئەو پاتۆڵانە زۆر چاکیان پاراستووم دەنا لاقم دەشکا.

**هەڵۆی تەرخان:**

مەلا ڕەحمانی "شێخچۆپان" گیڕایەوە: لە کانیبەن ئافرەتێکم لە کوڕێک مارە دەکرد، بە کوڕەم کوت چ دەڵێم دووپاتی کەوە. لەسەر کچە زۆری چەرمەسەری دیبوو، نەیاندەدایە؛ وەقسە هات و کوتی: مامۆستا خۆ وامزانی شکور زمانت لاڵ بووە، خیرا لێکمان مارەکە، ئەو بەزم و بەساتەی ناوێ.

## بەستەڵەک:

لەبیرتانە کاتی خۆی لە نێو ساڵۆنی موخابەراتدا شەش حەوت کابین داندرابوو و خەڵک نۆرەیان دەگرت و شومارەیان بۆ دەگیرا و هەرایان لێ دەکرا و دەنێردرانە کابینێکەوە. ڕۆژێک هەوشارییەک دەچێ و نۆرە دەگرێ و دەچێتە کابینەکە و هەتا هێزی تێدایە دەگوڕێنێ: عەلۆو عەلۆو، شێ عوسمان! بۆخۆتی؟ بیم وەقوروانوو من سەیەکەی بەر دەرکەتانم... عەلۆو عەلۆو (هێڵەکە دەپچڕێ!)

کابرا دێتەوە دەرێ و سەرلەنوێ پاش تاوێک شومارەی بۆ دەگیرێتەوە. کابرای موخابەراتچی هەرا دەکا: سەیەکەی ماڵە شێ عوسمان کابینی چوار!

## خیزەشینە:

ساحەب خانم سەرەژنێکی زۆر قابیل و بەماڵداری بوو، بەڵام هەتا خوا حەز دەکا قڕنیس و دەسقووچاو. وەک دەڵێن مشک نانی لە ماڵیدا لەت نەدەکرد!

ڕۆژێکیان شووتی قاش دەکەن و تێی دەورووکێن. کچەکەی زۆر دەخوا و دڵی لەخێڵەوە دێ. پاش ماوەیەک دەست بە زگیەوە دەگرێ و هەڵدێ بۆ ئاودەست. ئیستێک پێ دەچێ و چاو تەڕ و ڕەنگ بزڕکاو دێتەوە دەرێ. دایکی دەڵێ: ئەوە چ بوو ڕۆڵە؟! دەڵێ دایە زۆر ناڕەحەتم، زۆر ڕشامەوە. ساحەب خانم چەپۆکێکی پێدا دەدا و دەڵێ: حەک ڕووت ڕەش بێ هەی، ئەو شووتییە جوانەت هێناوە!

- سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک: "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"




Stefan Lahnsteiner